# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٣٢٠) ساڵی بیست وچوار ١٣ حوزیران ٢٠٢٤زاینیی ٢٣ جۆزەردان ٢٧٢٤ کوردی ٧ ذوالحجة ١٤٤٥ کۆچی

320



**بڕیاری ژمارە (٢٥١)ی ساڵی ٢٠٢٤ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** لا ١

پەسەندکردنی ڕەشنووسی پەیڕەوی پۆلێنکردنی بەڵێندەران و دانان لە لیستی بێبەشکردن لە بەشداربووان لە هەرێمی کوردستان

**پەیڕەوی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢٤ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ٢

پەیڕەوی پۆلینکردنی بەڵێندەران و دانانی لە لیستی بێبەشکردن لە بەشداریکردن

**ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی ناوخۆ** ٢٧

هەمواری دووەمی ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی شوفێری ژمارە (٣)ی ساڵی٢٠٢٢

پێدانی مۆڵەتی شوفێری بە خاوەن پێداویستتی تایبەت و کورتە باڵاو نابیستان

**ڕینمایی ژمارە(٦)ی ساڵی٢٠٢٤ وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی** ٢٩

هەمواری دووەمی ڕێنمایی کارکردنی کرێکاری بیانی لە هەرێمی کوردستان – عێراق

ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤

**بەیانی ساڵی ٢٠٢٤ ئەنجومەنی دادوەری** ٣٠

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی ئاوەدانکرنەوە و نیشتەجێکردن** ٣١

**بەیانی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی ناوخۆ** ٣٢

هێنانە کایەی قەزای (خورماڵ)

**بەیانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی ناوخۆ** ٣٣

هەمواری بەیانی دابەزاندنی دەسەڵاتەکان بۆ پارێزگارو سەرپەشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان

**بەیانی ژمارە (١٤ – ١٥ - ١٦)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی تەندروستی** ٣٤

**بەیانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی** ٣٤

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤ دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە** ٣٥



Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فرەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

**دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە**

**ژمارە: ٩١٦ لە ٢٠٢٢٤/٦/٣**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٨)ی یاسای بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩، لەبەر بوونی هەڵەی چاپ لە چەند بڕگەو ماددەیەک لە ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤ تایبەت بە (پۆلێنی پڕۆژەکان و ڕەزامەندی ژینگەیی) بڕیارماندا بە دەرکردنی بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٤ بە مەبەستی ڕاستکردنەوەی هەڵەکان بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم:** لە ماددەی( ٤): چالاکییە پیسکەرەکانی ژینگە لە پۆلێنی (ب) چوارەم پڕۆژەکانی ووزەو دامەزراوە بنەڕەتییەکان لە خاڵی (٥) ی سنوردارییە شوێنییەکان ژمارە (٥) دەکرێتە ژمارە (١٤) .

**دووەم:** هەر لە ماددەی( ٤) دا: چالاکییە پیسکەرەکانی ژینگە لە پۆلێنی (ب) یەکەم: پڕۆژە پیشەسازییەکان خاڵی (٥) پیشەسازییە گەرمەکان و کانزایی و ماددەی بیناسازی/ سنوردارییە شوێنییەکان بڕگەی (أ) (٣ و ٥) دەکرێتە (١ ، ٣ ،٤ ،٥ ، ٦، ١٠، ١٥).

**سێیەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.

**ئەندازیار**

**عبدالرحمن صديق**

**سەرۆکی دەستە**